گـۆڤـاری زانـکـۆی ڕاپــەڕیــن
Journal of University of Raparin.
مجلة جامعة رابرين

E-ISSN: 2522 – 7130 P-ISSN: 2410 – 1036
This work is licensed under CC-BY-NC-ND 4.0
https://doi.org/10.26750/kswem675

ڕێـکەوتـی وەرگـرتـن: ٢٠٢٥/٠١/٠٣
ڕێکەوتی پەسەندکردن: ٢٠٢٥/٠٣/٢٧
ڕێـکەوتی بڵاوكردنەوە: ٢٠٢٥/١٢/٢٩

# مێژوی گرنگترین گەنجینەی نوسراوەکان لە وڵاتی دوڕوبار ٢٨٠٠-٦١٢پ.ز

علی عبداللە محمود [١] - عماد عبدالقادر محمد سعید[٢]
ali.abdulla@uor.edu.krd imadabid73@uor.edu.krd

[١+٢]بەشی مێژو، کۆلێژی زانستە مرۆڤایەتییەکان، زانکۆی ڕاپەڕین، ڕانیە، هەرێمی کوردستان، عیراق.

## پوختە

ئەم توێژینەوەیە بەناونیشـــانی (مێژوی گرنگترین گەنجینەی نوسراوەکان لە وڵاتی دوڕوبار ٢٨٠٠-٦١٢ پ.ز)، توێژینەوەیەکی زانستیە تیشك دەخاتە سەر مێژوی کۆکردنەوە و پاراستنی نوسراوەکان ، پاراستنی نوسراوەکان لە دوڕوبار مێژویەکی دوری هەیە کۆنترین گەنجینەی نوسراوەکان کە دۆزراوەتەوە لە وڵاتی سـومەر مێژوەکەی دەگەڕێتەوە بۆ هەزارەی سـێیەمی پێش زایین، کاری کنە و پشـکنین لە شـوێنەوارەکانی دوڕوبار لەلایەن تیمە شـوێنەوارییە ناوخۆیی و دەرەکییەکان زانیاری باشـیان لێوەدەسـتهاتوە سـەبارەت بە شـارسـتانیەتی کۆنی دوڕوبار لەماوەی (٢٨٠٠-٦١٢ پ.ز)، لەچەندین شـوێن ژمارەیەك نوسراوی مێخیان پێکەوە دۆزیونەتەوە، ئەمە دەریدەخـات کە نوسراوەکان بەکۆمەڵ هەڵگیراون، شـــوێنی هەڵگرتنی نوسراوەکان لە ســـەرچاوە کۆن و هاوســـەردەمەکاندا ناوی جیاوازیان بۆ بەکارهاتوە، بۆنمونە (ماڵی نوسراوەکان، خانەی نوسراوەکان، گەنجینەی نوسراوەکان، ئەرشـــیفخان، کتێبخانە،...هتد)، هەڵگرتنی نوسراوەکان بەشـــێوازی تایبەتی بوە بەجۆرێك هەندێك لە نوسراوەکان بەتایبەت نوسراوە فەرمییەکانی وەکو نامە ئاڵوگۆڕکراوەکان و فەرمانی پاشـایەتی یان نوسراوە دەگمەن و گرنگەکان لەناو هەگبەی تایبەتیدا بوە، هەگبەی نوسراوەکان بریتی بوە لە گۆزە یان سـەبەتەی داخراو، هەندێکیشـیان لەسـەر ڕەفەی تایبەت یان چینی دیوار و سـەکۆ دانراون، ئەم گرنگیپێدانە بۆتە هۆکارێك بۆ مانەوە و پاراسـتنی نوسراوەکان بۆماوەی چەندین سـەدە، لەم توێژینەوەیەدا چەند گەنجینەیەکی گرنگ وەك نمونە خراونەتەڕو وەکو (ئوروك، کیش، نیپور، سپار، لەگەش، شادوپم، دریهم، ئاداب، بابل، دورکوریکالزو، ئاشـور، نەینەوا)، بۆ هەریەکەیان زانیاری پێویســت ســەبارەت بە (شـوێنی جوگرافیان، چۆنیەتی دۆزینەوەیان لەلایەن شـوێنەوارناسـان، ژمارەی نوسراوەکان، چۆنیەتی پاراسـتنیان و چەند تایبەتمەندیەکیتریان) خراوەتەڕو، بەگشـتی ئەم توێژینەوەیە سەرنج دەخاتە سەر یەکێك لە کارە گرنگەکانی دانیشتوانی دوڕوبار ئەویش هەڵگرتنی نوسراوەکانیانە لە گەنجینەی تایبەتدا لەپێناو مانەوە و بڵاوبونەوەی زانیارییە تۆمارکراوەکان، هەمو ئەو بەڵگەنامانەی لەناو ئەم گەنجینانەدا پارێزراون گرنگ و بە بایەخن، ئەو زانیاریانەی تێیاندا تۆمارکراوە کەمبن یان زۆر مێژونوسان دەتوانن سودیان لێوەربگرن بۆ نوسینەوەی مێژو.

**کلیلە وشەکان**: وڵاتی دوڕوبار، گەنجینەی نوسراوەکان، نوسینی مێخی، شوێنەوار

# History of the most Important Closet of Tablets in the Mesopotamia 2800-612 B.C

**Ali Abdalla Mahmood [1] - Emad Abdalqadir M. Saeed [2]**

[1+2] Department of History, College of Human Sciences, University of Raparin, Ranya, Kurdistan Region, Iraq.

## Abstract:

This Research is named (History of the most Important Closet of Tablets in the Mesopotamia 2800-612 B.C), a Scientific Research focused on the History of Collection and Safe-keeping Tablets in the Special Places. The oldest Safe-keeping tablets found in Sumerians Cities History back to Third Millennium BC. Excavations in the archaeological sites of Mesopotamia by local and foreign archaeological teams have yielded good evidence and information about the ancient civilization of Mesopotamia are kept private, most of the sites identified by archaeologists for excavations, in addition to various archaeological objects have found a number of Tablets, which indicates that the inscriptions were kept collectively in private places.

Some of the documents, especially official documents such as letters exchanged and royal decrees or rare and important documents, were kept in special boxes. The boxes were closed pots or boxes or baskets, and some were placed on special shelves or walls and platforms, this attention has become a factor to preserve the writings for centuries, in this Research Several Important Safe-keepings are Presented as Example for each of them some information about (Geographical location, Archaeological Discoveries, Number of Tablets, how their keeping and …etc.). In general this study focuses on one of the important tasks of the ancient inhabitants of Mesopotamia is to keep their writings in private treasuries. This was an attempt to preserve their writings in order to preserve and disseminate recorded information or many historians can use them for Writing history.

**Keywords:** Mesopotamia, Closet of tablets, Cuneiform, Archaeology

## پێشەكی:

نوسـین بە دەسـكەوتێكی گرنگ و پیرۆز سـەیركراوە بۆیە هەمیشـە هەوڵی ئەوەیانداوە گەشـەی پێبدەن و نوسراوەكان بپارێزن، لەسەرەتاكانی سەردەمی نوسین و بنەماڵە سومەریەكان شوێنی تایبەت بە هەڵگرتنی نوسراوەكان گرنگی پێدراوە، پەرستگەكان بەتایبەت پەرستگە سەرەكییەكان و كۆشكی پاشایەتی وەكو دو شوێنی گرنگ و متمانەپێكراو بە باشترین شـوێن زانراون بۆ هەڵگرتن و چاودێریكردنی نوسراوەكان، گەنجینەی نوسراوەكان گرنگی زۆریان پێدراوە و هەریەكەی تایبەتمەندی خۆی هەبوە وەكو لایەنی (بیناكاری، ڕێكخسـتنی ژوری نوسراوەكان و نۆژەنكردنەوەیان، دروسـتكردنی ڕەفە و سـەكۆ، سـەرپەرشـتیكردن لەلایەن كەسـانی لێهاتو، تۆماركردنی نوسراوەكان و خاوەندارێتیان،...هتد) ، كاری كۆكردنەوە و پاراسـتنی نوسراوەكان یەكێك بوە لە نەریتە باوەكانی دانیشـتوانی وڵاتی دوڕوبار، لە زۆربەی شـارەكان بەتایبەت ناوەندی دەوڵەتەشـارەكانی سـومەر بۆنمونە (ئوروك، كیش، نیپور، سـپار، لەگەش، شـادوپم، دریهم، ئاداب،...هتد)، هەروەها پایتەختەكانی دواتر وەكو (بابل، ئاشـور، دوركوریگالزو، خرسـاباد، نەینەوا،...هتد) شـوێنی گونجاو تەرخانكراوە بۆ كۆكردنەوە و پاراستنی نوسراوە كان، پاشا و فەرمانڕەوا و پیاوانی ئاینی گرنگیان بەم كارە داوە.

ئامانج و گرنگی ئەم توێژینەوەیە، خسـتنەڕوی لایەنی ڕۆشـنبیری وڵاتی دوڕوبارە ، بۆئەوەی ڕادەی هەوڵ و ماندوبونی دانیشتوانی ئەم وڵاتە بزاندرێت، بەهۆی خستنەڕوی زانیاری سەبارەت بە شێوازی هەڵگرتن و پاراستنی زۆرترین تۆمار لەلایەن دەسەڵاتدارانی سیاسی و ئاینی، بۆ دەرخستنی ئەو بەڵگانەی دەریدەخەن دانیشتوانی دوڕوبار توانای داهێنانیان هەبوە بۆ دروستكردنی خشتەكانی نوسین و پاراستنیان لەشوێنی تایبەت بەجۆرێك نوسراوە هەڵگیراوەكان توانای مانەوە و سودگەیاندنیان هەبوە بۆ چەندین سەدە.

میتۆدی توێژینەوە بۆ هەر توێژینەوەكی زانسـتی پەیوەسـتە بە چۆنیەتی ئەنجامدانی توێژینەوەكە و پێویسـتبونی، لەم توێژینەوەیەدا پاڵپشت بەو زانیارییە مێژوییانەی لە سەرچاوە بەكارهاتوەكان وەرگیراون میتۆدی (خستنەڕو) و (شیكاری) پەیڕەوكراوە.

ئەم توێژینەوەیە پێكهاتوە لە پوختە و كلیلە وشـەكان بەزمانی كوردی، پێشـەكی، ناوەڕۆكی توێژینەوەكە لە دو تەوەردا تێیدا تیشك خراوەتەسەر گرنگترین گەنجینەی نوسراوەكانی وڵاتی دوڕوبار و تایبەتمەندی هەریەكەیان، تەوەری یەكەم ژمارەیەك لە گەنجینەی نوسراوەكانی وڵاتی سـومەر و لە تەوەری دوەمدا گرنگترین گەنجینەكانی وڵاتی بابل و ئاشـور باسكراون، دواتر ئەنجامەكان بەچەند خاڵێك نوسراون، لە كۆتاییدا پوختە و كلیلە وشـەكان بە زمانی ئینگلیزی ولیسـتی سەرچاوە سودلێوەرگیراوەكان خراوەتەڕو.

## تەوەری یەكەم: گرنگترین گەنجینەی نوسراوەكان لە وڵاتی سومەر:

هەمو ئەو نوسراوانەی لەسـەر مادەی جۆراوجۆر نوسراون سـەبارەت بەلایەنە جۆراوجۆرەكانی ژیانی ڕۆژانە، لەلایەن دانیشـتوانی كۆنی دوڕوبار گرنگیان پێدراوە، بەمەبەسـتی پاراسـتن و سـودلێوەرگرتنیان لەشـوێنی تایبەتیدا دانراون، واتا پاراسـتنی نوسراوەكان وەك ئەركێكی ئاینی و كارگێڕی ئەوكات كاری بۆ كراوە، چونكە لێكۆڵینەوە شـوێنەواریەكان دەریانخستوە لەچەندین ناوچەی دوڕوبار كۆمەڵە نوسراوێك پێكەوە لەشوێنی تایبەتی دۆزراونەتەوە، ئەم كارە مێژویەكی دوری هەبوە و بۆماوەی چەندین سەدە بەردەوامبوە.

دانشتوانی ئاسایی و كاربەدەستان هۆشیاری باشیان هەبوە سەبارەت بە گرنگیپێدان و پاراستنی نوسراوەكان، زۆربەی كات بەشـێكی پەرسـتگە یان كۆشـكی پاشـایەتیان تەرخانكردوە وەك كتێبخانە یان گەنجینەی نوسراوەكان (الاعظمي: ١٩٩٩, ١٠٤)، پێدەچێت بەكارهێنانی زاراوەی كتێبخانە زاراوەیەكی نوێ بێت و بۆ سـەردەمی كۆن زۆرگونجاو نەبێت،


بەهۆی ئەوەی نوسراوەکان بەشـێوەیەکی نارێك و تێکەڵ دانراون، هەروەها دەسـتەی بەشـداربو زۆر ڕێکخراو جێگیر نەبونە(Bordman: 1991, 142-143)، بەڵام پێناسەی تر هەیە ئاماژە بەوە دەدات ئەم زاراوەیە بۆ هەمو سەردەمێك گونجاوە، بۆنمونە (کتێبخانە ناوەندێکی ڕۆشـنبیریە، بەهۆی هەبونی سـەرچاوەی جۆراوجۆر ئەو زانسـت و زانیاریەی لەوێ دەسـتدەکەوێت دەبێتە هۆی پەرەسـەندنی ڕۆشـنبیری و دروسـتبونی پەیوەندیەکی دروسـت (سـعید: ٢٠٠٩، ١٣٦)، سـومەرییەکان دەسـتەواژەی (Im-Gu-La)یان بەکارهێناوە بۆ ئەو شـوێنەی نوسراوەکانیان تێیدا کۆکردۆتەوە لەشێوەی کتێبخانە، ئەکەدییەکان دەستەواژەی (Gir-Gina-Kku) یان بەکارهێناوە بۆهەمان مەبەست( Oppenheim, 1995, 86-87)، (بیت-کون-کی:Bet-kun-ki) هەر لەسـەردەمی سـومەرییەکان بۆ ئەو بەشـەی پەرسـتگە بەکارهاتوە کە نوسراوە (ئابوری و ئەدەبی)یەکانی تێدا پارێزراوە(جادر و فاضـل: ١٩٨٧، ٩٦)، هەروەها زاراوەی سـومەری (E-Dub-Ba) و زاراوەی ئەکەدی (Bit-Tupp) بە واتای ماڵی نوسراوەکان یان خانەی نوسراوەکان بەکارهاتوە(سـلمان: ١٩٨٨, ٣٠٩)، هەروەها لەسـەردەمی کۆن چەند ناوێکیتریش بەکارهاتوە وەکو (گەنجینەی نوسراوەکان، ماڵی مۆرەکان، کتێبخانە، ئەرشیفخانە،...هتد) (عواد: ١٩٤٨، ٣-٤)، شوێنی پاراستنی نوسراوەکان بەپێی سەردەم هەمیشە گۆڕانیان بەسـەرداهاتوە، بەهەمان شـێوە ناوەکەشـیان گۆڕانی پێوەدیارە، لەهەر ناوچەیەك یان لەناو هەر گەلێك بەپێی زمان و تایبەتمەندی ناوچەکە ناوێکی بۆ دانراوە و پێی ناسراوەتەوە.

کۆشکی پاشایەتی و پەرستگە بونەتە پشتیوان و پەناگە بۆ هەڵگرتن و پاراستنی نوسراوەکان لەژێر چاودێری دەسەڵاتی سیاسی و ئاینی(chiera: 1938, 172)، زۆرجار بەهۆی باڵادەستی پیاوانی ئاینی یان کاریگەری بیروباوەڕی ئاینی لەنێو کۆمەڵگەی دوڕوبار نوسراوە ئاینیەکان ڕەنگدانەوەی زۆریان هەبوە لەسـەر نوسراوە جۆراوجۆرەکانی وەکو (ئابوری، حکومی، کۆمەڵایەتی، پەروەردە و فێرکردن،...هتد) (الجواهري: ١٩٩٢, ٢٦-٢٧)، شـوێنی نوسراوەکان لە زۆربەی شارەکان وابەستە بوە بە پەرستگەی سەرەکی شار، لەوێدا ژورێك یان چەند ژورێکی بۆ تەرخانکراوە، ئەمەش لە زۆربەی ناوچەکان بەدیکراوە، لە دوڕوبار بینای گەنجینەی نوسراوەکان بەگشـتی لێکچون یان هەندێکیان هاوشـێوەن (Oppenhiem, 1995, 107)، دروسـتکردنی بینای گەنجینەکان چەندین مادەی جۆراوجۆر و بەشـێوازی جیاواز لەلایەن شارەزایانی ئەم بوارە هاوئاراستە بوە لەگەڵ گەشەکردن و پێشکەوتنی بیری داهێنان، مرۆڤی ئەوکات لەبواری پاراسـتنی نوسراوەکان و دروسـتکردنی گەنجینەکان بیری وردیان کردۆتەوە و بەردەوام گەشـەیان بەکارەکانیان داوە(الاعظمي: ١٩٩٩, ١١٥)، سەرباری ئەم هەمو گرنگیپێدانە شوێنەوارەکانیان وێرانبونیان پێوە دیارە، گەنجینە زۆر کۆنەکان زیاتر شـێواون، بەهۆی گۆڕانی کەش و هەوا یان بەهۆی گەشـەکردنی ڕەگی دارەکان بەناو دیوارەکانیاندا، یان هەڵکۆڵینی شـوێنەوارەکان لەلایەن هەندێك گیانلەبەر، بەم هۆکارانە و چەندین هۆکاریتر نەتواندراوە لەهەندێك شوێنەواردا نەخشەی بیناکاری تەواو دەربخرێت (Oppenhiem: 1995, 107-108).

ئەوکەسـەی تایبەت بوە بە کاری گەنجینە لە نوسراوە مێخیەکاندا بە (پیسـان-دوبا: Pissan-Duba) ناوبراوە، ئەمانە زۆربەی کات کەسانی ئاینی بون و کارەکەیان بریتی بوە لە (ئامادەکردن، کۆکردنەوە، ڕێکخستن، وەرگێڕان، لەبەرگرتنەوە، چاککردنەوە، چاودێریکردن،...هتد)ی نوسراوەکان (الجواهري: ١٩٩٢، ٢٨)، ئەوکەسـەش کە نوسـەری فەرمی بوە لە کۆشـك و پەرستگەکاندا پێیگوتراوە (دوب-سار : Dub-Sar) واتا نوسـەر، ئەمانە پەیوەندیان هەبوە لەگەڵ دامەزراوە ڕۆشـنبیریەکانی سـەردەمی خۆیان بەتایبەت گەنجینەی نوسراوەکان، لە دوڕوبار ژنانیش کاری نوسـەریان کردوە، ئەمە لەسەردەمی بنەماڵەی کۆنی بابل لە نوسراوەکانی شاری سپار بەدیکراوە، زاراوەی (نادی-تو : Nadee-Tu) بۆ نوسەری ژن بەکارهاتوە، هەندێك لەنوسراوەکان ناوی نوسەرەکانیان لەسەر نوسراوە، پیشەی نوسەری پیشەیەکی گرنگ بوە لە

ناو بنەماڵەکان پشتاویش بەدوایەکدا بۆ نەوەکان گواستراوەتەوە، نوسەرەکان پێگەیەکی گرنگیان هەبوە (جادر و فاضل: ١٩٨٧، ٩٠-٩١).

گەنجینەی نوسراوەکان لە دوڕوبار وەکو ناوەندێکی گرنگی ئاینی و ڕۆشنبیری و کارگێری بایەخیان پێدراوە، لەهەمو شارە سەرەکی و گرنگەکان گەنجینەی نوسراوەکان هەبوە و هەوڵی پاراستن و بەرەوپێشبردنی دراوە، بۆنمونە سەردەمی بنەماڵە سومەرییەکان(٢٨٠٠-٢٣٧٠ پ.ز) کە سیستمی سیاسی و بەڕێوەبردنی وڵات دابەشبوە بەسەر شارەکاندا، هەرشارێك بۆتە ناوەندی دەسەڵاتداریی سەربەخۆ و خاوەن تایبەتمەندی خۆی بوە، لەچوارچێوەی سنورێکی دیاریکراو فەرمان ڕەوا یان پاشای هەبوە، کۆشکی فەرمانڕەوایی و پەرستگە ڕۆڵی سەرەکیان هەبوە لە بەڕێوەبردن، ئەمانە ناوبراون بە (دەوڵەتە شار)، لە سەدەی ٢٨ی پ.ز ژمارەیان (٢٠-٣٠) دەوڵەتەشار بو، بۆنمونە وەکو (ئەریدۆ، ئور، لارسا، ئوروك، لەگش، ئوما، شروپاك، ئیسن، ئاداب، نیپور، کیش، ئیکشاك، بادتیبیرا،...هتد) (بشور: ١٩٨١، ٦١) و (البدراوي: ١٩٨٥، ٢٨٨)، بۆ بینینی دەوڵەتەشارەکان بڕوانە ئەم نەخشەیەی خوارەوە:




نەخشەی شوێنەواریی وڵاتی دوڕوبار، وەرگیراوە لە(مكاي: ١٩٥٢، ص ج)

پەرستگەی سەرەکی شارەکان ڕۆڵێکی زۆرگرنگیان هەبوە لە کۆکردنەوە و پارستنی نوسراوەکان، ئەمانە بەقەبارەی گەورەتر لەسەر ڕوبەری فراوانتر و زۆربەی کات لەشوێنی بەرز دروستکراون، هونەری تەلارسازی پێشکەوتویان پێوەدیارە، بەهۆی ئەو گرنگیە زۆرەی پێیاندراوە بەشێوەیەکی جوان و سەرنجڕاکێش دروستکراون (Kramer: 1963, 73)، لەناو ئەم

دەوڵەتەشارانە و هەندێك لە شارە گرنگ و سەرەكیەكانی دوڕوبار بەهۆی گرنگیدان بەلایەنی ڕۆشنبیری گەنجینەی نوسراوەكان دروستكراوە، لێرەدا وەك نمونە ئاماژە بەچەند گەنجینەیەك دەدەین كە چەندین نوسراوی جۆراوجۆریان تێدا دۆزراوەتەوە و ڕۆڵیان هەبوە لە پاراستنی مێژوی شارستانیەتی ناوچەكە، بۆنمونە:

گەنجینەی نوسراوەكانی شاری وەركاء(Uruk): لەسەرەتای هەزارەی سێیەمی پێش زاین شاری وەركاء یەكێك بوە لە گەورەترین شارەكانی دوڕوبار، ناوەندێكی گرنگی ڕامیاری و ئابوری و ئاینی بوە، كاریگەری زۆری هەبوە لەسەر ئاستی ناوخۆیی و دەرەكی (Giosotti: 2016, 5)، ئەم شارە گرنگیەكی تایبەتی هەیە لەمێژوی ڕۆشنبیری وڵاتی دوڕوبار، بەهۆی ئەوەی كۆنترین نوسراو لەم شارەدا دۆزراوەتەوە بۆتە مەیدانی وەرچەرخانێكی مێژویی، دانیشتوانی ئەم شارە توانیویانە بۆیەكەمجار مەبەستی خۆیان بەتۆماركراوی پیشانبدەن (لیفراني: ٢٠١٢، ٣٤-٣٥)، شوێنەواری ئەم شارە دێرینە لە باشوری عیراق دەكەوێتە ناوچەی بیابان لەسەر ڕێگای بەغداد-بەسرە، بەدیاریكراوی دەكەوێتە سنوری پارێزگای موسەنا نزیك شارۆچكەی وەركائی ئێستا (https://art.mu.edu.iq/?page_id=290).

ڕۆپێوی و هەڵكۆڵینە شوێنەواریەكان لە ساڵ (١٩١٢ ز) وە لەشاری وەركاء دەستیپێكردوە چەند هەوڵێك هەبوە بۆ دەرخستنی شوێنەوارەكانی ئەم شارە، بەهۆی جەنگە جیهانی و ناوچەیەكان كاری تیمە شوێنەوارییەكان بەشێوەی پچڕپچڕ بەڕێوەچون (Ess: 2019, 47)، ساڵانی (١٩٢٨-١٩٣٩ز) تیمی شوێنەواریی بەسەرۆكایەتی شوێنەوارناسی ئەڵمانی (ئادەم فلنكشتاین ١٩٠٠-١٩٧٢ز) لەم شارەدا هەڵكۆڵینیان كردوە و دەسكەوتی باشیان هەبوە، ژمارەیەك نوسراویان دۆزیوەتەوە كە مێژوەكەیان گەڕاوەتەوە بۆ نزیكی (٣٠٠٠ پ.ز)، لەگەڵ ئەمانەدا هەندێك پەیكەریان دۆزیوەتەوە، لەچینەكانی سەروتردا زیاتر لە هەزار پارچە نوسراویان دۆزیوەتەوە مێژویان نزیكی (٢٨٠٠ پ.ز) بوە، نوسراوی سەر ئەم پارچانە بەراورد بە پارچەكانیتر جیاواز بو، بۆیە دەگوترێت ئەم جۆرە نوسینە كۆنترین جۆری نوسینی مێخی گەشەكردو بوە، دوای جەنگی دوەمی جیهانی(١٩٣٩-١٩٤٥ز) بەدیاریكراوی ساڵی (١٩٥٤ز) دەستەی شوێنەواریی ئەڵمانی بەسەرپەرشتی شوێنەوارناس (لێنكسن ١٩١٩-١٩٨٤ز) گەڕانەوە بۆ تەواوكردنی چالاكیە شوێنەواریەكان لەم شارەدا، لەم وەرزەشدا دەسكەوتیان هەبوە ژمارەیەك نوسراویان دۆزیوەتەوە ( Kramer: 1963, 29)، گەنجینەی نوسراوەكانی ئەم شارە بەشێك بوە لە پەرستگەی شارەكە، ژمارەیەكی زۆر نوسراوی جۆراوجۆری تێدابوە، ناوەڕۆكی نوسراوەكان زیاتر بابەتی (ئاینی، ئابوری، كارگێڕی، یاسایی،...هتد) بون.

گەنجینەی نوسراوەكانی شاری كیش(Kish): ئەم شارە چەند ناوێكیتریشی بۆ بەكارهاتوە وەكو (تل أحمير- Tel Uhaimir)، (تل إنغارا – Tel Ingharra)، ناوە كۆنەكەی (هۆرساگ-كالاما: Horsag-Kalamma) (Clayden: 1992, 142)، لیستی پاشایانی سومەری بەخەتی مێخی(مسماری) لەسەر قوڕ نوسراون، ناوەڕۆكەكەیان پێكهاتوە لەتۆماری ناوی پاشاكان و شارەكان و ساڵی فەرمانڕەواییان، لەسەردەمی سومەریەكاندا دەركەوتون، سەرەڕای هەبونی زانیاری ناڕاست وەكو ناتەواوی لەزنجیرەی ڕوداوەكان و نەبونی ناوی هەندێك پاشا یان نوسینی ساڵەكانی فەرمانڕەوایی بەشێوەیەكی زۆر و خەیاڵی، خشتەكان سەرچاوەی گرنگن بۆ زانیاری مێژویی (Kramer: 1963, 28-29)، بەپێی لیستی ناوبراو یەكێك لە تایبەتمەندیەكانی ئەم شارە ئەوەیە یەكەم شارە دوای لافاو دەسەڵاتی سیاسی و ئاینی تیایدا گەشەی كردوە، سەبارەت بە لافاو لە داستانی سومەری (گلگامیش)دا باس لەوەكراوە خواوەندەكان كۆبونەتەوە بۆئەوەی ژیانی مرۆڤ لەسەر زەوی كۆتایی پێبێنن، بۆیە بڕیاریاندداوە بەهۆی لافاو ئەمە جێبەجێ بكەن، بۆماوەی حەوت ڕۆژ وڵات كەوتۆتە ژێر لافاو، بەڵام (ئوتنابشتم) بە دروستكردنی كەشتیەك توانیویەتی مرۆڤ و گیانلەبەرانیتر لەم لافاوە مەترسیدرە ڕزگار بكات، مێژوی ئەم ڕوداوە ڕون نییە(علي: ١٩٩٩، ٢٨-٢٩)، پێدەچێت سەرەتای

دروستبونی ئەم شارە بگەڕێتەوە بۆ هەزارەی چوارەمی پێش زاین(عباس و سليمان: ٢٠١٩، ٢٥٠)، دوای گەشەکردن و سەربەخۆیی بۆ ماوەی نزیکی چوار سەدە ڕۆڵێکی باڵای هەبوە لە ناوچەکە (Yoffee: 1975, 445)، نزیکی (٢٥٠٠ پ.ز) گەورەترین شاری دوڕوبار بوە، لە هەزارەی سێیەم و دوەمی پێش زاین ئەم شارە لەڕوی (سیاسی، ئاینی، ئابوری،...هتد) ڕۆڵ و کاریگەری زۆری هەبوە (Yoffee: 1975, 540).

گەڕان و پشکنینی شوێنەواری لەم شارەدا بەچەند هەنگاوێك ئەنجامدراوە، لە ساڵانی (١٩١٢-١٩١٤ز) نێردەی شوێنەواری فەرەنسی- بەسەرپەرشتی زانای بواری نوسینە کۆنەکان (هنری دی جینویلاك ١٨٨٠-١٩٥٣ز) دەستیان بەکاری کنە و پشکنین کردوە، بەڵام بەهۆی دەستپێکردنی جەنگی یەکەمی جیهانی(١٩١٤-١٩١٨ز) چالاکیەکانیان وەستاوە، ساڵی (١٩٢٣ز) دەستەیەکی ئینگلیزی-ئەمریکی بەسەرپەرشتی زانای نوسینی مێخی (ستيفان لانگدون ١٨٧٨-١٩٥٦ز) چەند وەرزێك هەڵکۆڵینیان کردوە، لەماوەی کارکردنیان دەسکەوتی شوێنەواریان هەبوە، وەکو دۆزینەوەی شوێنەواری پەرستگەی سەرەکی شار لەسەر تەپۆلکەیەکی بەرز، ئەم پەرستگەیە لەچەند بەشێك پێکهاتوە و چەند قۆناغێکی بیناکاری پێوە دیارە بەپێی سەردەمە جیاوازەکان(Field: 1929, 249-250)، هەروەها چەند پارچەیەك بە نوسراوی وێنەیی مێژوەکەیان دەگەڕێتەوە نزیکی ٢٨٠٠پ.ز (Ruwashdi: 1974, 27)، هەندێك نوسراوی مێخی سەرەتای هەزارەی دوەمی پێش زایین و هاوسەردەمی بابلی کۆن(١٨٩٦-١٥٩٥پ.ز)، ناوەڕۆکەکەیان پێکهاتوە لە نوسراوی زمانەوانی و پەروەردە و چەند خشتەیەك بۆ هێما مێخیيەکان(جادر و فاضل: ١٩٨٧, ٨٩), هەندێکیتر لە نوسراوە مێخیەکان مێژوەکەیان گەڕاوەتەوە بۆ سەردەمی دەسەڵاتداریێتی (نەبوخزنەسر ٦٠٤-٥٦٢ پ.ز)ی پاشای بنەماڵەی بابلی نوێ(٦٢٧-٥٣٩پ.ز)(الجواهري: ١٩٩٢, ٣٣)، بەشێکیتری نوسراوەکان دەگەڕێنەوە بۆ سەردەمی دەسەڵاتدارێتی ئەخمینیەکان(٥٥٠-٣٣٢ پ.ز)، ئەمانە زیاتر نوسراوی ئابوری بون(عباس و سليمان: ٢٠١٩, ٢٥١)، پێدەچێت پەرستگەی سەرەکی شاری کیش کە گەنجینەی نوسراوەکانی تێدابوە لەلایەن ئەخمینیەکان زیانی پێنەگەیشتبێت، وەکو ناوەندێکی گرنگی ئاینی و ئابوری پارێزگاری لێکرابێت(Olmestead: 1950, 50-51).

لە گەنجینەی نوسراوەکانی کیش مێژوی نوسراوەکان بەگشتی دەگەڕێتەوە بۆ سەردەمی بنەماڵەی بابلی کۆن(١٨٩٦-١٥٩٥پ.ز) بەتایبەت سەردەمی کۆتایی و ماوەی فەرمانڕەوایی (سامسو-ئیلۆنا ١٧٤٩-١٧١٢پ.ز)، بەشێکی زۆری نوسراوەکان لەلایەن ئەم پاشایە کۆکراونەتەوە بەتایبەتی دوای گواستنەوەی هەندێك پێداویستی لە پەرستگەی شاری ئوروك بۆ شاری کیش(Yoffee: 1975, 540)، گرنگی پەرستگە و نوسراوەکانی شاری کیش وایکردوە بەردەوام هەوڵی پاراستن و دەوڵەمەندکردنی بدرێت، بۆیە توانیویەتی بۆماوەیەکی زۆر لەسەرەتاکانی دروستبونی شارەکە تاکو سەردەمی دەسەڵاتدارێتی ئەخمینی بمێنێتەوە و سودی لێوەربگیرێت.

گەنجینەی نوسراوەکانی شاری نیپور یان نفر(Nippur-Niffar): شوێنەواری ئەم شارە کۆنە دەکەوێتە باکوری ڕۆژهەڵاتی دیوانیە لەنێوان ڕوباری (دیجلە و فورات) لە ناوچەیەکی فراوانی ئاودێری کشتوکاڵی هەڵکەوتوە(Petters: 1897, 231)، لقێکی ڕوباری فورات بەناوی (شط النيل) سودی زۆری بەم شارە گەیاندو(مكاي: ١٩٥٢, ٢٤٩), شاری نیپور لە سەردەمی بنەماڵە سومەرییەکان پێگەیەکی گرنگی هەبوە بەتایبەت لەلایەنی ئاینی، پایتەختی ئاینی سومەرییەکان بوە بەپێێ ئەفسانە سومەرییەکان خواوەند ئەنلیل یەکەم مرۆڤی لەم شارە دروستکردوە، بەهەمان شێوە لەڕوی سیاسیشەوە پێگەی گرنگ و باڵای هەبوە(بشور: ١٩٨١, ٦٢-٦٣).

هەوڵی شوێنەوارناسان بەردەوام بوە تاکو توانیویانە شوێنی پاراستنی نوسراوەکان بدۆزنەوە، گرنگترین هەوڵەکان ئەمانە بون: ساڵی (١٨٤٩-١٨٥٠ز) شوێنەوارناسان لوفتس و لايارد هەڵکۆڵینی شوێنەواریان لەم شارەدا کردوە، بەڵام

ئەنجامی باشـیان بەدەسـت نەهێناوە، شـوێنەوارناسی ئەمریکی (پیتەرز) ئاماژەی بەوە داوە کە چەند سـاڵێك پێشـتر (لایارد) بەهۆی نالەباری کەش و هەوا و نەخۆشـکەوتنی نەیتوانیوە کارەکەی تەواو بکات و دەسـکەوتی گرنگ بەدەستبێنێت (Petters: 1897, 247)، پیتەرز باسی ئەوەشی کردوە ئەوکاتەی تیمەکەی خۆی ویستویەتی بچێت بۆ نیپور زۆر بەزەحمەت توانیویانە بگەنە ناوچەکە و دەسـت بەکارەکانیان بکەن، بەهۆی مەترسی ململانێی خێڵەکی دانیشـتوانی ناوچەکە و خراپی ڕێگا و نالەباری کەشـو هەوا (Petters: 1897, 243-245)، ،دوای ئەمە هەوڵێکیتر هەبوە لە سـاڵی (١٨٦٢ز) لەلایەن ئەفسـەرێکی هێزی دەریایی بریتانیا بەناوی (کۆلین گود) نەخشـە و وێنەی شـوێنەوارەکانی ئەم شارەی کێشاوە، دواتر ساڵی ١٨٨٥ز شـوێنەوارناسـان (وڵف) و (پیتەرز) سـەردانی شـوێنەواری شارەکەیان کردوە و دەستیان کردوە بە هەڵکۆڵین(Clayden: 2016, 1)، ئەم هەڵکۆڵینە و هەڵکۆڵینەکانیتری زانکۆی پەنسلڤانیا لە ساڵانی (١٨٨٨-١٩٠٠ز) ئەنجامی زۆرباشی هەبوە، بەشێکی گرنگی شارستانیەتی ناوچەکە دۆزرایەوە و هاندەرێکیش بو بۆ زانکۆی ناوبراو بۆ کردنەوەی مۆزەخانەی تایبەت بەخۆی لەناو زانکۆ و هەوڵدانی زیاتر بۆ گەڕان بەدوای دەسکەوتە شوێنەواریەکان(Zettier: 1992, 235).

لە هەڵکۆڵینەکانی وەرزی پێنجەم (١٨٨٩-١٩٠٠ز) لەنزیك شوێنەواری پەرستگەی سەرەکی شاری نیپور (الجواهری: ١٩٩٢، ٢٩)، لەچەند ژورێکدا گەنجینەی نوسراوەکانی ئەم شارەیان دۆزیەوە، نوسراوەکان بەشێوەی ڕێکخراو لەسـەر ڕەفەی دروسـتکراو لە دار یان خشـتی قوڕ یان سـەکۆی تایبەت دانراون، ئەمانە ژمارەیان زۆربوە و مێژوی جیاوازیان هەبوە، هەندێکیان هی سـەردەمی بنەماڵەی بابلی کۆن(١٨٩٦-١٥٩٥ پ.ز) و کاشـیەکان(١٥٩٥-١١٦٢ پ.ز)، سـەبارەت بە کاشـیەکان وەکو زۆربەی گەلانی کۆن زانیاری زۆر ڕون لەسـەر نەژاد و بنەچەیان نیە، بەڵام پێدەچێت ئەمانە هیندو ئەوروپی بوبن چونکە هەندێك لەناوی پاشـاکان و خواوەندەکانیان دەگەڕێنەوە بۆئەوان، یان بەشـێك بوبن لەگەلانی قەوقازی، دەکرێت ئەم دو بۆچونە بەم شـێوەیە نزیکتربێت لەڕاسـتی کە بگوترێت کەسـانی هیندو ئەوروپی سـەرکردایەتی بەشـێکی زۆری قەوقاسـیەکانیان کردوە (المزوری: ٢٠٠٢، ١٤-١٩)، دەگوترێت گەنجینەی نوسراوەکانی نیپور کۆنترین گەنجینەی نوسراوەکانی سـەردەمی سـومەری بوە کە دۆزراوەتەوە، نوسراوەکانی زۆر و جۆراوجۆر بون، بەڵام توێژەری بواری شـوێنەوار(تیم کلایدن) پێیوایە هێشـتا تەواوی نوسراوەکان نەدۆزراونەتەوە(Clayden: 2016, 29)، شـوێنەوارناس و نێرراوەکانی زانکۆی پەنسـلڤانیا کە دوای پیتەرز چون بۆ تەواوکردنی کارەکان، ئاماژەیان بەوەداوە ژمارەی نوسراوەکانی ناو پەرستگە و دەوروبەری کە دۆزراونەتەوە ژمارەیان نزیکی (٥٠) هەزار نوسراوە(Hilpercht: 1906, VII)، بەڵام بەشـێوەیەکی نارێك خراونەتەڕو و پێدەچێت هێشـتا هەمو نوسراوەکان نەدۆزرابنەوە یان دوای دۆزینەوە دیارنەمابن(Clayden: 2016, 2).

لەسـەدەی بیسـتەمی زاینی کاری کنە و پشـکنین لەم شارە بەردەوام بو، ساڵی ١٩٤٨ز دەسـتەی شـوێنەواری پەیمانگای ڕۆژهەڵاتی ئەمریکی لە ناوچەی پەرسـتگاکانی نیپور هەندێك هەڵکۆڵینیان ئەنجامداوە( Alizadah: 2019, 93)، دەستەیەکی شوێنەواری ئەڵمانی ساڵی (١٩٥٠ز) نزیکی ٢٥٠٠ پارچە نوسراوی جۆراوجۆریان دۆزیوەتەوە، ئەمانە بابەتی (ئابوری، ئەدەبی، کارگێڕی، پێرسـت و فەرهەنگ،...هتد)یان لەخۆگرتوە(عبدالله: ٢٠١٤، ٧٥-٧٧)، هەروەها لە ئەیلولی ساڵی ١٩٦٢ز تا مانگی کانونی دوەمی ١٩٦٣ز پشکنینی شوێنەواری ئەنجامدراوە، لە پەرستگەی خواوەند ئینانا و ناوچەی دەوروبەری ئەم پەرستگەیە ژمارەیەکیتر نوسراوی مێخی دۆزراونەتەوە، ناوەرۆکی ئەم نوسراوانە زیاتر کارگێڕی بون(Bucellati and Bigss: 1968, 1)، سـەبارەت بە خواوەند ئینانا هەمان خواوەندی عشـتارە بەناوێکی جیاواز، چەند ناوێکیتریشی_ بۆ بەکارهاتوە وەکو (ننخورزاك، ننماخ، نینتو، ئورور، نیننسـیکیل)، خواوەندی جوانی و بەرهەمهێنەر و زیندوکەرەوەی ڕوەك بوە لە وەرزی بەهاردا، ناوەندی سـەرەکی ئەم خواوەندە شاری وەرکا بوە(ألاحمد:

٢٠١٣, ٣٢-٣٣) هەروەها لە وەرزی نۆیەمی هەڵكۆڵینی زانكۆی شـیكاگۆ لە سـاڵ ١٩٦٤-١٩٦٥ز ژمارەیەكیتر لە نوسراوی بچوك و شكاو هەر لە پەرستگەی خواوەند ئینانا دۆزراونەتەوە، یەكێك نوسراوەكان پێدەچێت هی سەردەمی فەرمانڕەوایی (لبت-عشـتار ١٩٣٤-١٩٢٤ پ.ز)ی پاشـای بنەماڵەی ئیسـن بوە پێدەچێت بەشـێك بێت لە یاسـا تۆماركراوەكانی سەردەمی ئەم پاشایە(Bucellati and Bigss: 1968, 9)،

لەناو نوسراوەكانی نیپور نوسراوی پاشـاكانی كاشی زۆرترین زانیاری مێژوییان لەخۆگرتوە، ئەم نوسراوانە بەراورد بە نوسراوە كۆنەكانی پێش خۆیان باشـتر ئامادەكراون و پارێزراون(Clayden: 2016, 9)، بەگشـتی نوسراوەكان هەر لەناو فێرگەی پەرستگەدا ئامادەكراون لەلایەن پیاوی ئاینی تایبەت سـەرپەرشـتی ئەم كارە كراوە، دوای تەواوبونیان براونەتە گەنجینەی نوسراوەكان و لەوێدا پارێزراون(Helpercht: 1906, X).

شاری نیپور لەڕوی سیاسیەوە گرنگیەكی تایبەتی هەبوە، لەسەردەمی سومەری تا سەردەمی ئەشكانیەكان(٢٥٠پ.ز-٢٢٧ز) لەلایەن هێزە ناوخۆیی و دەرەكیەكان بەڕێوەبراوە ئەم هێزانە گرنگیانداوە بە نوسراوەكان و شـوێنی پاراسـتنیا، پەرسـتگەكانی (ئین-لیل، نین-لیل، نین-نانا) مێژویەكی كۆنیان هەبوە و لەماوەی فەرمانڕەواییە جیاوازەكاندا سـودیان لێوەرگیراوە(مكاي: ١٩٥٢, ٥٤)، گەنجینەی سـەرەكی نوسراوەكانی ئەم شـارە نوسراوی زۆربەی سـەردەمە مێژوییەكانیان لەناودا پارێزراوە، لە گرنگترین نوسراوەكان دو نوسراون لەشـێوەی فهرسـت(پێرسـت)ئامادەكراون، یەكێكیان (٦٢) و ئەویتریان (٦٨) ناونیشـانیانی هزرییان لەخۆگرتوە(عبدالله: ٢٠١٤، ٧٥)، پێدەچێت ئەم گەنجینەیە لەسـەردەمی كاشـیەكان وەك ناوەندی كڕین و فرۆشـتن سـودی لێوەرگیرابێت، بەتایبەت بۆ فرۆشـتنی ئەو جۆرە پێداویسـتیانەی سـەردانكاران كڕیویانە بەمەبەسـتی بەخشـین بە پەرسـتگاكان(Clayden: 2016, 1)، نوسراوەكانی گەنجینەی نیپور بەگشـتی باسی لایەنی (ئاینی، ئابوری، ئەدەبی، فێركاری، پێرسـت،...هتد)یان لەخۆگرتوە(عواد: ١٩٤٩، ٥٣-٥٤)، ئەوانەی فەرمانڕەوایی ئەم شـارەیان كردوە كەوتونەتە ژێر كاریگەری هەسـتی بەگرنگ زانینی لایەنی ڕۆشـنبیری پێشـینەكانیان، هاوشـێوەی ئەوان گرنگیانداوە بەپەرسـتگەكان و ئەو نوسراوانەی لەگەنجینەكانیاندا پارێزراون، بەگشـتی سـودیان پێیان گەیاندوە، بۆیە نوسراوەكان تایبەتمەندی زۆربەی سەردەمەكانیان پێوەدیارە و بۆهەریەكەیان شایەنی سود لێوەرگرتن بون.

گەنجینەی نوسراوەكانی شاری سپار (Sippar): ئەم شارە لە نوسراوە سومەریەكان بەمشێوەیە ناوی هاتوە (دو-كیب-نون-كی : Du-Kib-Nun-Ki) واتا شاری خاوەن ڕوناكی گەورە یان شاری گەورەی ڕوناك، هەروەها ناوی (زمبیر : Zimbir)یشی بۆ بەكارهاتوە، لە نوسراوی ئەكەدی بە (سی-پار : Si-ppar) نوسراوە بەواتای مس، دانیشتوانەكەی بە (Sippiru) ناوبراون، لە نامەكانی شـاری ماری ناوی (یاخروم)ی بۆ بەكارهاتوە، ئەمە ناوی هۆزێك بوە كە لەم شـارەدا ژیاون و كاریگەریان هەبوە بۆ ناسـینەوەی شـارەكە بەناوی ئەوان(العبادي: ٢٠١٦، ٣-٤)، ئەم شـارە ناوی تریشی بۆ بەكارهاتوە وەكو (تل-عید-دیر : Tel-Eid-Der)، (سـپار-ئام-نا-نوم : Sippar-Am-na-num)(Meyer and Gasche: 1998, 8)، لەئێسـتادا ئەم شـوێنە پێیدەگوترێت (ابو حبة) لە سـنوری ناحیەی یوسـفیە(جادر و عبدالله: ١٩٨٣, ٩٧)، نزیكی ٣كم لە ناوەندی ناحیەكە دورە، كەوتۆتە سەر ڕێگای بەغداد-حلە(العبادي: ٢٠١٦، ٥).

شـاری سـپار لەسـەردەمی بنەماڵەی بابلی كۆن گەورەترین شـار و ناوەندێكی گرنگی ئاینی و ئابوری بوە(Meyer and Gasche: 1998, 111)، بەم هۆیەوە پەیوەندیكی زۆرباشی هەبوە لەگەڵ شاری بابل گە پایتەخت بوە، سـەبارەت بە دۆزینەوەی گەنجینەی نوسراوەكانی ئەم شـارە، سـاڵی ١٨٨١-١٨٨٢ز شـوێنەوارناسی عیراقی هورمز ڕسام سـەرپەرشـتی كنە و پشكنینەكانی شاری سپاری كردوە، بەهاوكاری جوتیارەكانی ناوچەكە توانیویانە زیاتر لە (٦٠) هەزار پارچە نوسراو بـدۆزنەوە، ژمـارەی ئەو پـارچە نـوسراوانەی لەم گەنجینەیەدا لەچەنـد وەرزێكی هەڵكۆڵین لە (١٨٨١-١٨٩٠ز)

دۆزراونەتەوە نزیکی (١٥٠) هەزار نوسراوە، بەڵام دوای تێپەربونی نزیکی یەك سەدە بەسەر دۆزینەوەیان زانیاری کەمیان لەبارەوە بڵاوکراوەتەوە(Al Jadir: 1985, 82)، بینای پەرستگەی سەرەکی نزیکی (٣٠٠) ژوری لەخۆگرتوە (جادر و عبدالله: ١٩٨٣، ٩٨)، نوسراوەکان لەچەند ژورێکی ئەم پەرستگەیەدا دۆزراونەتەوە، بۆنمونە یەکێك لەوانە ژورێکی گەورە بوە کەوتۆتە پشت دەرگای سەرەکی پەرستگە، ژورێکیتر بەقەبارەی بچوکتر دیوارەکانی بە قوڕی سپی سواغ دراوە و ژمارەیەك ڕەفەی تێدابوە، پێدەچێت ئەم ژورە نۆژەن کرابێتەوە یان مێژوەکەی نوێتربێت(الاعظمي: ١٩٩٩, ١١١-١١٢), گەنجینەی نوسراوەکانی سپار وەکو ناوەندێکی ڕۆشنبیری دەبیندرێت و پێگەیەگی گرنگی هەبوە لەسەردەمی خۆی، دامەزراوەیەك بوە بۆ تۆمارکردن و پاراستنی نوسراوەکان و بەخشینی زانیاری (جادر و فاضل: ١٩٨٧، ٨٧)، بەپێی نوسراوێکی پاشای بنەماڵەی بابلی نوێ (نەبونايد ٥٥٦-٥٣٩ پ.ز) بەناوبانگ بونی ئەم پەرستگەیە زیاتر دەگەڕێتەوە بۆ گرنگیپێدانی ئەکەدیەکان، پێدەچێت مێژوی دروستکردنی ئەم پەرستگەیە بگەڕێتەوە بۆ نزیکی (٢٢٥٠ پ.ز)(الجادر و عبدالله: ١٩٨٣, ٨٩).

ساڵی ١٩٧٠-١٩٧٦ز بە بەشداری زانکۆی بەغداد هەڵکۆڵینی شوێنەواریی لەشاری سپار دەستپێکردۆتەوە، توانیویانە نوسراو و شوێنەواری سەردەمی ئەشکانیەکان(٢٥٠پ.ز-٢٢٧ز) بدۆزنەوە(Meyer and Gasche: 1998, 111)، بۆ دۆزینەوەی بەشەکانیتری گەنجینەی نوسراوەکان وەرزی هەشتەمی هەڵکۆڵین لە (١٠-١٠-١٩٨٥ز) دەستپێکردۆتەوە، درێژەیانداوە بەپشکنینی زیاتر بۆ پەرستگە گەورەکە(الجادر و عبدالله: ١٩٨٣، ٧٠)، ئەنجامی ئەم وەرزی هەڵکۆڵینە دۆزینەوەی نزیکی (٣٠٠) نوسراویتر بو کە لەسەر ڕەفە دانرابون، مێژوەکەیان دەگەڕێتەوە بۆ سەردەمی بنەماڵەی بابلی نوێ بەتایبەت سەردەمی دەسەڵاتدارێتی (نەبوخزنەسر) و (نەبونايد)ی پاشایانی ئەم بنەماڵەیە( Fadhil and Jimenez: 2019, 155)، لە (٤-٢-٢٠٠٢ز) وەرزێکیتری هەڵکۆڵین لەلایەن زانکۆی بەغداد دەستپێکردۆتەوە، لەم وەرزەدا نزیکی (٧٠٠) نوسراویتریان دۆزیوەتەوە، دەرکەوتوە ئەو ژورەی نوسراوەکانی تێدابوە شوێنەواری سوتانی پێوەدیارە و نوسراوەکان بەنارێکی بەناو ژورەکەدا بڵاوبونەتەوە، ناوەڕۆکی ئەم نوسراوانە زیاتر (ئابوری، نامەی شاهانە، زانستی بەتایبەت بیرکاری، لیستی ناوی کەسی،...هتد)ن(العبادي: ٢٠١٦، ٦-٧)، بەڵگە شوێنەواریەکان ئەوەیان دەرخستوە گەنجینەی نوسراوەکانی سپار چەند تایبەتمەندیەکی هەبوە وەکو، ژورەکان بەرزی جیاوازیان هەیە دەرکەوتوە ئەو ژورانەی لەسەردەمی (نەبونايد) دروستکراون بەرزتر دروستکراون، زەوی ژوری نوسراوەکان بە قیر داپۆشراون، لەچەند ژورێك ناوی (نەبونايد) نوسراوە(Al Adhmi: 1999, 1).

پەرستگەی (ئەی-با-بار : Ei-Ba-Bar) بۆ خواوەند شەمش لە سپار دروستکراوە(الاحمد، ٢٠١٣، ٣٠)، گەنجینەیەکی بچوکی تێدا دۆزراوەتەوە ژمارەیەك نوسراوی تێدا هەڵگیراوە، لەناویاندا دو نوسراوی ئاینی هەبوە، یەکێکیان بەشێوەی هۆنراوەیەکی خەمناك نوسراوە، ئەوەیتریان نزایە بۆ خواوەند مەردوخ کراوە (Fadhil and Jimenez: 2019, 155)، جگە لەم پەرستگەیە و پەرستگەی سەرەکی شار، لە یەکێك لە خانوەکانی نیشتەجێبون کە بە (بیت-گاکی : Bit-Ga-Ki) ناسراوە ژمارەیەك نوسراوی ئابوری و کۆمەڵایەتی و هزری دۆزراونەتەوە کە گوزارشت لە ژیانی ئاسایی دانیشتوانی ئەم شوێنە دەکەن(الجادر و اخرون: ١٩٩٣، ١١٦)، بەگشتی نوسراوە دۆزراوەکانی شاری سپار ژمارەیان سەدان هەزار نوسراوە، لەزۆربەی شوێنەکانی جیهان بڵاوبونەتەوە، بەڵام زانیاری کەم هەیە سەبارەت بەشوێنی هەڵگرتنیان لە دەرەوەی عێراق(الراوي، ١٩٧٩، ١٩٤).

گەنجینەی نوسراوەکانی سپار ڕۆڵی گرنگیان هەیە لەبواری زانیاری مێژویی، نوسراوەکانی ئەم شارە زانیاری گرنگیان تێدایە سەبارەت بە پاشاکانی بنەماڵەی سێیەمی ئور(٢١١٢-٢٠٠٤پ.ز)، بنەماڵەی بابلی کۆن(١٨٩٦-١٥٩٥پ.ز)، شانشینی لارسا(٢٠٢٥-١٧٦٣پ.ز)، شانشینی ئیسن(٢٠١٧-١٧٩٤پ.ز) (Al Adhami: 1999, 2)،

لەگەڵ زانـــیـاری ســـەبـارەت بە بـارودۆخی هەریەك لەمــانە لایەنی (ئـابـوری، ئـایـنی، نـاوی کەسی، لەخۆگرتن(تبنی)،...هتد)یشـــیان ئاماژە پێدراوە(الراوي: ١٩٧٩, ١٩٤), لەناو ئەماندا سێ پارچە نوسراو تایبەتن بە یاساکانی حامورابی و سێ نوسراویتر باسی لافاوی شاری بابلیان تێدا تۆمارکراوە، لەناو نوسراوەکانی سپار دەق وەرگێردراو هەیە، بۆنمونە لە یەکێك لە نوسراوەکان هەندێك ستون بە زمانی سومەری نوسراون هەمان ناوەرۆك بەزمانی ئەکەدی نوسراونەتەوە، ئەمانە زیاتر بەمەبەســتی ئاســانکاری و فێرکردن نوسراون(Al Adhami: 1999, 1-2 )، هەندێك لەم جۆرە نوسراوانە بەشـێوەی تایبەت لەناو گۆزەی گەورە یان لەناو سـەبەتەی دروسـتکراو لە قامیش و قوڕدا هەڵگیراون، لەسـەر هەریەکەیان ناوی پەرستگە و ناوی کەسی چاودێر یان بەرپرسی نوسراوەکان نوسراوە(الجادر و فاضل: ١٩٨٧، ٩٥-٩٦)، یەکێك لەو نوسەرانەی لەگەڵ نوسراوەکان ئاماژەی پێدراوە ناوی (مار-عشتار : Mar-Ishtar)ە، لەسەردەمی دەسـەڵاتدارێتی پاشـای بنەماڵەی بابلی کۆن (سـن-مبلط ١٨١٤-١٧٩٥ پ.ز)ڕۆڵی هەبوە، لەسـەردەمی ئەم بنەماڵەیە بەگشتی نزیکی (٩٠) نوسەر ناویان زانراوە(الجادر و فاضل: ١٩٨٧، ٩٢).

ئەو زانیاریانەی ســـەبارەت بەگەنجینەی نوسراوەکانی شـــاری ســـپار خراونەتەڕو، ئەوە دەردەخەن دەســـەڵاتداران و دانیشــتوانی ئەم شــارە لەســەردەمە جیاوازەکان گرنگی زۆریان بەلایەنی ڕۆشــنبیری و بەتایبەت تۆمارکردن و پاراســتنی تۆمارەکان داوە، دەرکەوتوە کە دوای تۆمارکردنی زانیاریەکان گەنجینەی تایبەتیان بۆ دروســتکردون، نوسراوەکانی خۆیان و نوسراوە کۆکراوەکان بەشێوەیەکی ڕێکخراو لەناویاندا هەڵگیراون و کەسانی تایبەت و شارەزایان تەرخانکردوە بۆ ئەوەی نوسراوەکانی ناو گەنجینەکان لەســـەردەمی خۆیان و دواتریش ســـودیان لێوەربگیرێت، ئەمە بۆتە هۆی ئەوەی هەزاران پارچە نوسراو لەم شارەدا بۆماوەی چەندین سەدە لەلایەن چەندین هێز و گەلی جیاواز سودیان لێوەربگیرێت.

گەنجینەی نوسراوەکانی شــاری لەگەش (Lagash): شــاری لەگەش پێشــتر پێیگوتراوە (شربولا-Shirbulla)، هەروەها ناوی (تلو)ی بۆ بەکارهاتوە، پێدەچێت بەهۆی زاراوەی ناوچەکە ئاماژە بوبێت بۆ (تل لوح) بەهۆی ئەوەی ئەم گردە شـــوێنەواریە ژمـارەیەك پارچە نوسراوی قوڕینی لێدۆزراوەتەوە(الجواهري، ١٩٩٢، ٢٨-٢٩)، ئەم شـــارە پێگەیەکی سیاسی گرنگی هەبوە، یەکێك بوە لە شارە گەورەکان و ناوەندی دەوڵەتەشاری (لەگەش) بوە، چەند شارێکی دەوروبەری لەخۆگرتوە وەکو (گیرسـو، سـورغول، نینگین، گوابا،...هتد)(Suter: 2012, 59)، شـوێنی جوگرافی شاری لەگەش دەکەوێتە نزیك گۆمی غەراف لە نێوان دیجلە و و فورات، لە باکوری ڕۆژئاوای شـــەترە بە دوری (١٥ میل) (باقر: ٢٠١٢، ٣٠١).

گەنجینەی نوسراوەکانی شاری لەگەش لەلایەن تیمێکی شوێنەوارناسی بەسەرپەرشتی (مسیو دی سارزاك) لە سەدەی ١٩ز دۆزراوەتەوە، لەناو پەرستگەی سەرەکی شار شوێنێك تایبەتکراوە بەم گەنجینەیە و ژمارەیەکی زۆر نوسراوی مێخی تێدا پارێزراوە (Kramer: 1963, 75)، ئەم پەرســـتگەیە و کۆشـــکی پاشـــایەتی لەســـەر گردێك دروســـتکراون کە شوێنەوارناسەکان بە گردی ژمارە چوار ناساندویانە، لەگەڵ ئەمانەدا شوێنەواری پەرستگەی خواوەندە بچوکەکانیشی. لێدۆزراوەتەوە، ئەو گەنجینەیەی دۆزراوەتەوە لەناو پەرستگە سەرەکیەکە بوە و پەیوەندیشی. بەکۆشکی فەرمانڕەوایەوە هەبوە)(Suter: 2012, 68-70).

گەنجینەی لەگەش ژمـارەیەك بەڵگەنـامەی کـارگێڕی تێـدا پـارێزراوە، ژمـارەیـان نزیکی ١٧٠٠ بەڵگەنـامەیە، مێژوی تۆمارکردنیان دەگەڕێتەوە بۆ سـەردەمی سێ فەرمانڕوای ئەم دەوڵەتەشـارە کە بریتی بون لە (ئێ-ئێن-تار-زی، لۆگال-ئان-دا، ئورو-کا-جینا)(Maekawa: 1974, 80)، بەشێکیتری نوسراوەکانی ناو گەنجینەکە تایبەت بون بە شەڕەکانی نێوان

عیلامیەکان و دەوڵەتەشاری لەگەشی سومەری لەسەردەمی دەسەڵاتدارێتی پاشای لەگەش (ئین-ناتم) لە نزیکی (٢٧٥٠ پ.ز) (الجواهری: ١٩٩٢، ٢٩).

گەنجینەی نوسراوەکانی شاری شادو (شادوپم-Shaduppum): ناوی ئەم شارە لە نوسراوە مێخیەکاندا واتایەکی وەکو (بیت المال)ی گەیاندوە(ناجي: ١٩٦١، ٢٠١)، شوێنەوارناسی عیراقی (طه باقر)یش پێیوایە ناوی ئەم شارە هەمان واتای گەیاندوە یان واتاکەی (دیوان الحساب) بوە، ئەم ناوونانە بەهۆکاری گرنگی شارەکە بوە وەکو ناوەندێکی (کارگێڕی، ئابوری، ئاینی) ڕۆڵی باشی هەبوە لە ناوچەکە(باقر، ١٩٥٩، ٣-٤)، تاکو ساڵی ١٩١٤ز شوێنەواری ئەم شارە هیچی لەبارەوە نەزاندراوە و نەدۆزراوەتەوە(مكاي: ١٩٥٢، ٥٥-٥٦)، لەم ساڵەدا و ساڵانی دواتر زانیاریەکان دەسکەوتن و شوێنەوارەکەی دۆزرایەوە، لە ئێستادا شوێنەوارەکەی پێیدەگوترێت (تل حرمل)، دەکەوێتە باشوری ڕۆژهەڵاتی شاری بەغدادی ئێستا، شارەکە لە کۆندا بەدیوارێك دەوردراوە(العزاوي: ٢٠١٣، ١٣١)، نزیکی (٦میل) لە ناوەندی شاری بەغداد دورە، کەوتۆتە نزیك سەربازگەی ڕەشید(معسكر الرشيد)، ئەم شارە بەشێك بوە لە ناوچەی دەسەڵاتدارێتی شانشینی ئەشنونا(٢٠٠٠-١٧٦١پ.ز)(باقر: ١٩٥٩، ٣-٤)، دوای نەمانی ئەم شانشینە شاری شادوپم ماوەتەوە، بەڵگە شوێنەواریەکان دەریانخستوە مێژویەکی درێژمەودای هەبوە، پێدەچێت لەسەردەمی ئەکەدی و ئوری سێیەم تاکو سەردەمی کاشیەکان ڕۆڵ و کاریگەری هەبوبێت(باقر: ١٩٥٩، ٥-٦).

بۆ دۆزینەوەی شوێنەوارەکان و لەناویاندا نوسراوەکانی ئەم شارە، بەڕێوەبەرایەتی شوێنەواری بەغداد لە ساڵی ١٩٤٥-١٩٤٩ز کاری پشکنیان بۆی ئەنجامداوە، هەرچەندە ئەم گردە شوێنەواریە کە پاشماوەیەکی شاری شادوپمە ڕوبەرەکەی تەنها چەند مەترێکە و زۆر فراوان نیە، بەڵام دەستەی بەڕێوەبەرایەتی شوێنەواریی بەغداد دەسکەوتی باشیان تێیدا دۆزیوەتەوە، لەناو ئەم دەسکەوتانە گەنجینەیەکی نوسراوەکانیان دۆزیوەتەوە کە نزیکی (٢٥٠٠) پارچە نوسراوی مێخی تێدا بوە(الاصيل: ١٩٥٠، ٣)، وەرزی حەوتەمی هەڵکۆڵین لە کانونی یەکەمی ١٩٥٨ز دەستپێکردوە تاکو ئازاری ١٩٥٩ز بەردەوام بوە(ناجي: ١٩٦١، ٢٠١)، لەم وەرزەشدا ژمارەیەك نوسراو دۆزراوەتەوە مێژویان دەگەڕێتەوە بۆ نزیکی (١٩٥٠-١٧٥٠ پ.ز)، ئەمانە زیاتر بەڵگەنامەی مۆرکراوی ئابوری و هەندێك نوسراویتری وەکو (فێرکاری، بیرکاری، ناوی کەسی،...هتد) بون، هەڵکۆڵینە شوێنەواریەکان بەگشتی بونەتە هۆکاری دۆزینەوەی پاشماوەی بیناکاری سەرنجڕاکێش، وەکو ژمارەیەك خانو و کۆڵان و پەرستگە، ئەوەی زیاتر سەرنجڕاکێش بوە یەکێك لە ژورەکانی پەرستگەی سەرەکی شار ژمارەیەك نوسراو لەچەند چینێکدا دۆزراونەتەوە، ژورەکە شوێنەواری نۆژەنکردنەوەی پێوەدیارە و پاشماوەی چەند سەردەمێکی جیاوازی لەخۆگرتوە(ناجي: ١٩٦١، ٢٠٣-٢٠٥)، یەکێکیتر لە سەرنجڕاکێشەرەکان ئەو نوسراوە بیرکاریە بوە، بەکۆنترین نوسراوی بیرکاری دادەنرێت لە دوڕوبار، ئەمە وەرچەرخانێکی زانستی سودبەخش بوە لەسەر ئاستی ناوخۆیی و دەوروبەر(Baqir: 1950, 39-40)، نوسراوەکانی ناو گەنجینەی شادوپم سەرەڕای گرنگی ناوەڕۆکیان بەتایبەت لەڕوی زانستی و یاسایی، زانستی وەك ئاماژەی پێدرا بە بواری ژماردن و بیرکاری، نوسراوە یاساییەکانیش دەگەڕێنەوە بۆ یاساکانی بنەماڵەی ئەشنونا(ناجي: ١٩٦١، ٢٠١).

دانیشتوانی ئەوکاتی شادوپم و کاربەدەستانی هەستیان بەگرنگی نوسراوە جۆراوجۆرەکان کردوە بۆیە ویستویانە لەشوێنێکی تایبەت بیپارێزن، هەڵبژاردنی پەرستگە کە ئەوکات پیرۆزترین و پارێزاوترین شوێن بوە، بەمەبەستی دڵنیایی و مانەوەی نوسراوەکان و سودلێوەرگرتنیان بوە، بەتایبەت نوسراوە (ئاینی، ئابوری، یاسایی، زانستی،...هتد)، هەرچەندە ئەم شارە وەکو دەوڵەتەشارێکی سەربەخۆ ناوی نەهاتوە، بەڵام بەهۆی گرنگی پێگەکەی و هۆشیاری دانیشتوانی تواندراوە هاوشێوەی شارە گەورەکان یان پایتەختەکان هەوڵبدرێت بۆ دروستکردنی گەنجینەی نوسراوەکان، لەپێناو

کۆکردنەوە و پاراستنی نوسراوەکانیان، سەرەنجام هەوڵەکانیان ئەنجامی باشی هەبوە و نوسراوەکانیان لەگەنجینەی تایبەتیدا بۆماوەی چەندین سەدە سودیان لێوەرگیراوە.

گەنجینەی نوسراوەکانی شاری ئیسن : ئەم شارە یەکێکە لە شارە گرنگەکانی باشوری دوروبار، شوێنەوارەکەی دەکەوێتە باشوری ڕۆژهەڵاتی شاری دیوانیەی ئێستا(رشيد: ٢٠٠٤، ٤٦)، لەئەنجامی کاری شوێنەوارناسی ئەڵمانیەکان ساڵی ١٩٨٣-١٩٨٤ز، دیواری دەوری شارەکە و کۆشکی فەرمانڕەوایی و پەرستگەی خواوەند(گولا-Gula ) کە پەرەستگەی سەرەکی شار بوە دۆزراونەتەوە، ئەم پەرستگەیە لەچەند ژورێك پێکهاتوە، چەند نوسراوێکیان لەناودا دۆزیوەتەوە مێژوەکەیان دەگەڕێتەوە بۆ سەردەمی پاشایانی ئیسن (ئور-تانورتا، بورسان، ئێن-لیل-پاتی، لبت-عشتار)، هەروەها لە خانەی دادگەری (دار العدالة) چەند نوسراوێکیتر دۆزراوەتەوە مێژوەکەیان دەگەڕێتەوە بۆ سەردەمی بنەماڵەی بابلی کۆن و ناوەرۆکیان بابەتی (ئابوری، فێرکاری، مێژویی) بون، نوسراوەکانی ئیسن بەگشتی هی سەردەمی بنەماڵەی (ئوری سێیەم، ئیسن، بابلی کۆن)ن(البحريات: ١٩٨٨، ٦٢-٦٣)، بەشێکی زۆری نوسراوەکانی ئیسن مێژوەکەیا دەگەڕێتەوە بۆ سەردەمی دەسەڵاتدارێتی حامورابی، بارودۆخی ئەوکات لەڕوی باڵادەستی و گەشەکردنەکان ڕەنگدانەویان هەبوە لەسەر نوسراوەکانی ناو گەنجینەی نوسراوەکانی شاری ئیسن بەتایبەت لەلایەنی (ئەدەبی و ئابوری)یەوە(عبدالله: ٢٠١٤، ٦٦).

گەنجینەی نوسراوەکانی شاری دریهم(Dureihem): ئەمە ناوی گردێکی شوێنەواریە پێشتر پێیگوتراوە (پوزوریش-داگان: Puzurish-Daggan) ، ژمارەیەك نوسراوی مێخی لە شوێنەواری ئەم شارە کۆنەدا دۆزراونەتەوە، کۆنترینیان مێژویان دەگەڕێتەوە بۆ سەردەمی پاشا (دوگنی-Dugni) لە نزیکی (٢١٥٠-٢١٠٠ پ.ز)(الجواهري: ١٩٩٢، ٣٠).

گەنجینەی نوسراوەکانی شاری ئاداب (Addab): یەکێکە لە شارە گرنگەکانی وڵاتی سومر، ساڵی (١٩٠٣ز) تیمێکی شوێنەوارناسان بە سەرپەرشتی (بانکس- E. J. Banks) هەڵکۆڵینی شوێنەواریان ئەنجامداوە بۆ شوێنەواری ئەم شارە، ژمارەیەك پەرستگە و کۆشکیان دۆزیوەتەوە، لەگەڵ ئەمانە ژمارەیەك نوسراوی مێخیان دۆزیوەتەوە پێدەچێت مێژویان بگەڕێتەوە بۆ سەردەمی فەرمانڕەوایی (لوگال-داللو : Lugal-Dalu) لە نزیکی (٢٤٠٠ پ.ز)( Kramer: 1963, 27)، ناوەرۆکی نوسراوەکان جۆراوجۆربون یەکێك لەمانە دەقی ئەو ڕێکەوتنە بو کە لەسەر دەستی پاشای دەوڵەتەشاری کیش (میسالم نزیکی ٢٥٠٠پ.ز) نوسراوەتەوە بۆ بەرقرارکردنی ئاشتی لەنێوان هەردو دەوڵەتەشاری (لەگەش) و (ئوما) .(Kramer: 1963, 53)

## تەوەری دوەم: گرنگترین گەنجینەی نوسراوەکان لە وڵاتی بابل و ئاشور:

گەنجینەی نوسراوەکانی شاری بابل: بابلیەکان زۆر گرنگیان بە تۆمارکردن و پاراستنی نوسراوەکان داوە، هەوڵیانداوە زۆربەی شتەکانیان تۆماربکەن بەمەبەستی سود وەرگرتن لە زانیارییە جۆراوجۆرەکان(Chiera: 1938, 22)، زۆربەی نوسراوەکان لە پەرستگەی خواوەند مردوخ دۆزراونەتەوە، گەنجینەی نوسراوەکانی ناو پەرستگەکە زۆر دەوڵەمەند بوە، نوسراوی سەردەمە جیاوازەکانی لەخۆگرتوە، لەسەردەمی بنەماڵەی بابلی کۆن تاکو سەردەمی بنەماڵەی بابلی

نـویێ(کـلـدانی)، ئەمە دەرخەری ئەویە کە گەنـجـیـنەی نـوسراوەکـانـیـان مـاوەیەکی زۆر مـاونەتەوە و نۆژەنکراونەتەوە(Jastrow, 1915, 61-62)، کەسـانی تایبەتمەند سـەرپەرشـتی کارەکانی گەنجینەکانیان کردوە وەکو فەرمانبەری پەرسـتگە و دەوڵەت(Driver: 1976, 73)، پاشـاکان و کاربەدەسـتان گرنگی زۆریانداوە بە گەنجینەی نوسراوەکان و متمانەیان پێیان هەبوە، بەشـێك لە نوسراوە پاشـاییەکان و نوسراوە فەرمیەکانیان لەوێدا داناون بەمەبەستی پارێزگاری لێکردن و مانەوەیان.

گەنجینەی نوسراوەکانی شاری دورکوریکالزو(عکرکوف): سـەردەمی دەسـەڵاتدارێتی کاشـیەکان لەم شـارەدا کە پایتەختی دەسـەڵاتیان بوە، لە یەکێك لە ژورەکانی کۆشـکی پاشـایەتی ژمارەیەکی زۆر نوسراوی مێخی دۆزراوەتەوە، لەسـەر ڕەفەی تایبەت لەسـەر یەکتری دانراون، بەڵام شوێنەواری ڕەفەکان تێکچون و هەندێکیان بەتەواوی داروخاون و شێوەی ڕون و ڕاستەقینەیان نەماوە(الاعظمي: ١٩٩٩، ١٠٩).

گەنجینەی نوسراوەکانی ئاشوری: ئاشوریەکان لەچەند شارێکدا گەنجینەی نوسراوەکانیان دروستکردوە، بۆنمونە لە شـاری ئاشـور، ئەم شـارە پێگە و گرنگی ئاینی و سـیاسی و ئابوری زۆری هەبوە بۆ ئاشـوریەکان، شـارێکی پیرۆز بوە سـەرای هەبونی ئەو تایبەتمەندیانەی ئاماژەیان پێدرا، پایتەختی دەوڵەتی ئاشـوری و شـوێنی ناشـتنی ژمارەیەك لە پاشـا کۆچکردوەکانیان بوە، ئەم شـــارە شـــوێنێکی جوگرافی گرنگی هەبوە، کەوتۆتە لای ڕاســـتی ڕوباری دیجلە لە باکوری دوڕوبار، لەئێستادا شـوێنی ئەم شـارە کۆنە پێیدەگوترێت (قلعة) یان (قلعة شرقاط)، نزیکی ١١٠کم لە باشـوری شـاری موسڵی ئێستایە(سفر: ١٩٦٠، ٣)، سـەرەتای کاری هەڵکۆڵینی شـوێنەواری لەم شـارەدا دەگەڕێتەوە بۆ سـاڵی ١٨٤٢ز، هەرچەندە ئەم هەوڵدانە زۆر زانسـتی نەبوە بەهۆی ئەوەی ئەوکات زیاتر مەبەسـتیان دۆزینەوەی شـتە مادیە گەورەکان بوە، دۆزراوەکانیتریان زۆر بەلاوە گرنگ نەبوە بە نوسراوەکانیشەوە(الجبوري: ٢٠٢٤، ٣٨٣).

کۆکردنەوەی نوسراوەکان لەلای ئاشـــوریەکان ســـەرەتاکەی دەگەڕێتەوە بۆ (چاخی ناوەڕاســـتی ئاشـــوری(١٥٠٠-٩١١پ.ز)، ئەوان کەوتونەتە ژێرکاریگەری بابلیەکان، پێدەچێت ئەم کارە لەســـەردەمی پاشـــا (تکولتی ننورتای یەکەم ١٢٤٤-١٢٠٨ پ.ز) دەســـتیپێکردبێت، بەگشـــتی ئاشـــوریەکان زۆربەی نوسراوەکانیان لە بابلەوە هێناوە، گرنگترین گەنجینەکانی شـاری ئاشـور ئەمانەبون: گەنجینەی نوسراوەکانی پاشـا (تجلات بلازری یەکەم ١١١٥-١٠٧٧ پ.ز) لە پەرسـتگەی خواوەند ئاشـور، پێدەچێت مێژوی دروسـتکردنی بگەڕێتەوە بۆ سـەردەمی دەسـەڵاتدارێتی (ئاشـور ئوباڵتی یەکەم ١٣٦٣-١٣٢٨ پ.ز) و دوای ئەم پاشـــایە گرنگی پێدراوە و ماوەتەوە(Bordman: 1991, 227-228)، هەر لەشـــاری ئاشـــور گەنجینەیەکیتری نوسراوەکان لە شـــوێنەواری پەرســـتگەی خواوەند (ئانو-ئەدد) هەبوە، ژمارەیەك نوسراوی تـــێدا دۆزراوەتەوە، ناوەرۆکی نوسراوەکان تایبەتن بە (لیستی وشەکان، ژیانی ناو کۆشك و ڕێو ڕەسمی شاهانە، یاســا، بیرکاری، بەخێوکردن و چارەســەرکردنی ئەســپ، دروســتکردنی بۆن، فەلەکناسی،...هتد)، لەلایەن براکانی مردوخ (بالاســـو-ئێریش، بێلاخا-ئیدینا) لەبنەماڵەی نوســـەر (توپشـــارو) ئامادەکراون، پێدەچێت مێژوی بنیاتنانی ئەم گەنجینەیەش بگەڕێتەوە بۆ ســـەردەمی تجلات بلازری یەکەم(Pedrson: 1946, 83)، هەر لەشـــاری ئاشـــور گەنجینەیەکی بچوکتریش هەبوە مێژوی دامەزراندنی دەگەڕێتەوە بۆســـەردەمی (ســـەرجونی دوەم ٧٢١-٧٠٥ پ.ز)، هەروەها لەشـــاری کلخو(نمرود) گەنجینەیەکی نوسراوەکان هەبوە ســـەرەتای دروســـتکردنی دەگەڕێتەوە بۆ ســـەردەمی (ئاشـورناصرپاڵی دوەم ٨٨٣-٨٥٩ پ.ز)(Bordman: 1991, 228)، جگە لەمە گەنجینەیەکیتریش هەبوە لەم شـارە مێژوەکەی دەگەڕێتەوە بۆ ســـەدەی حەوتەمی پێش زایین، نزیکی ٨٠٠ پارچە نوسراوی جۆراوجۆری تێدا دۆزراوەتەوە، زیاتر ناوەرۆکیان ســـەبارەت بەلایەنی (ئاینی، ســـیاسی، کۆمەڵایەتی،...هتد)ن، هەندێك لەم نوسراوانە لەســـەر کەڵبەی فیل(عاج) نوسراون ئەوانیتر لەسەر قوڕ، نوسراوەکان ناوی نوسەرەکانیان لەسەر نوسراوە(Pedrson: 1946, 83).

گەنجینەی نوسراوەکانی شاری خرسـاباد(دورشروکین) ئەم شـارە لەلایەن سـەرجۆنی دوەم بۆ پایتەخت دروسـتکراوە، لەناو شـارەکە لەنزیك پەرسـتگەی نابو گەنجینەی نوسراوەکان لە دو ژوردا دۆزراوەتەوە، دیواری ژورەکان خانە خانە کراون لەشێوەی ڕەفەی قوڵ یان دەلاقە بەچەند ڕیزێك لەسەر یەکتری دروستکراون، لەناویاندا چەند پارچە نوسراوێك دۆزراونەتەوە، لەم گەنجینەیەدا شـوێنەکان تایبەتکراون بۆنمونە بەشی ئامادەکرن و خوێندنەوەی نوسراوەکان هەبوە بەشەکانیتر تایبەت بون بە هەڵگرتن و پاراستنی نوسراوەکان(الاعظمي، ١٩٩٩، ١١٠-١١١).

گەنجینەی نوسراوەکان(کتێبخانە)ی ئاشـوربانیپاڵ: ئەم گەنجینەیە بەناوی یەکێك لە پاشـاکان ناونراوە، ئەوانەی پێشـتر ئاماژەیان پێدرا بەناوی شـار یان پەرسـتگە ناونراون، ناوهێنانی ئەم گەنجینەیە یان ئەم کتێبخانەیە بەناوی پاشا (ئاشوربانیپاڵ ٦٦٨-٦٢٧ پ.ز) ئەوە دەردەخات لەلایەن ئەم پاشایە دامەزراوە و گرنگی زۆری پێداوە.

نەینەوا یەکێك لە شـارە گرنگ و مەزنەکان بوە، هەڵکەوتە جوگرافیەکەی گرنگ بوە، دەکەوێتە باکوری ڕوباری دیجلە(مکاي: ١٩٥٢، ١١٧-١١٨)، ئەم گەنجینەیە چەندین سەدە لەژێر خاکدا ماوەتەوە، لە ساڵی ١٨٥١—١٨٥٢ز گەشـتیاری ئینگلیز (هنری لایارد) توانیویەتی بەهۆی هەڵکۆڵین ئەم شـوێنەوارە گرنگە بدۆزێتەوە، ژمارەیەکی زۆر نوسراویان لەناودا دۆزیوەتەوە وەکو ئەرشـیفی ئیمپراتۆری هەژماری کروە، نوسراوی فەرمی و نافەرمی جۆراوجۆری تێدابوە، لایارد ئەم شـوێنەی بە خانەی تۆمارەکان (House of Ricords) ناوبردوە(Layard: 1853, 344-345)، دواتر هنری ڕۆڵنسن بەهاوکاری (هورمز رسام) کە دانیشتوی شاری موسڵ بوە، ساڵانی ١٨٩٠-١٨٩٥ز توانیویانە بەشێکیتری کۆشکی پاشایەتی ئاشوربانیپاڵ و گەنجینەی نوسراوەکانی بدۆزنەوە(Kramer: 1963, 136).

ئاشـوربانیپاڵ کتێبخانەکەی لەناو کۆشـکەکەیدا دروسـتکردوە و خۆی سـەرپەرشـتیکردوە ، هەوڵیداوە ژمارەیەکی زۆر نوسراو لە شـوێنە جیاوازەکانەوە کۆبکاتەوە لە ڕێگەی نێردە تایبەتیەکانی ئەمەی ئەنجامداوە، بۆئەوەی کاری گەنجینەی نوسراوەکانی بەباشی بەڕێوە بچێت چەند کەسـێکی وەك یاریدەدەری خۆی بۆ ئەم کارە تەرخانکردوە ئەمانە کاهن و مامۆسـتا و کەسانی لێهاتو بون(قزانجي: ١٩٧٨, ٩٠-٩٣)، ئاشـوربانیپاڵ داوای لە بریکارەکانی کردوە نوسراوی زۆری لە بابل بۆ کۆبکەنەوە و بیهێنن بۆ نەینەوا(Bordman: 1991, 227)، لەناو نوسراوەکانی ئەم گەنجینە گەورەیەدا نوسراوی کۆن و نوێ واتا سـەردەمی پێشـتر و هاوسـەردەمی ئاشـوربانیپاڵ هەبوە، هەندێکیان وەکو خۆیان سـودیان لێوەرگیراوە هەندێکیشـیان وەرگێڕدراون، هەندێکیان چەند دانەیەکی لەبەر گیراوەتەوە بۆئەوەی زیاتر سـودیان لێوەربگیرێت(Menant: 1880, 3031).

نوسراوەکان لەسـەر ڕەفە و لەناو گۆزە و دەفری نەخشـێندراو هەڵگیراون، بەپێی بابەت و تایبەتمەندیان شـوێنی هەڵگرتنیان جیاکراوەتەوە، هەر بەپێی تایبەتمەندیان لە دەروازەی کتێبخانەکە لیستی ناوی نوسراوەکان جیاکراوەتەوە و خراوەتەڕو(الجواهري: ١٩٩٢، ٣١)، کتێبخانەیەکی زۆر دەوڵەمەند و فراوان بوە، لەناو کۆشـکەکەیدا (٣٦) ژوری بۆ تەرخانکراوە(قزانجي: ١٩٧٨، ٨٩)، بەڕونی دیارنیە ژمارەی نوسراوەکان چەند بوە سـەرچاوەکان ژمارەی جیاوازیان خسـتۆتەڕو، پێدەچێت بەهۆی ئەوە بێت هەندێك لە نوسراوەکان لەچەند پارچەیەك پێکهاتون، هەندێکیان هەرپارچەیەکیان بەجیا هەژمارکردبێت و هەندێکیشـیان هەمو پارچە هاوپەیوەسـتەکانیان پێکەوە هەژمارکردبێت، بۆنمونە نوسراوی تێدایە لە پێنج پارچە یان زیاتر پێکهاتوە هەمو پارچەکان تەواوکاری یەکترین( Pedrson: 1946, 164)، بەگشـتی ژمارەی نوسراوەکانی ناو ئەم گەنجینەیە نزیکی ٢٥ هەزار نوسراوە، زۆربەیان لەسـەر پارچە قوڕ و هەندێکیشـیان لەسـەر کاغەزی بردی (اوراق البردی) نوسراون، نوسراوەکان مۆری تایبەتی ئەم کتێبخانەیان لێدراوە بۆئەوەی خاوەندارێتی نوسراوەکان دیاربێت و نوسراوە وەرگیراوەکان بگەڕێندرێنەوە هەمان کتێبخانە، چونکە پێدانی

نوسراوەکان لەم کتێبخانەیەدا شـــتێکی ڕێگەپێدراو بوە، بۆ ئەم مەبەســـتە تۆماری تایبەتی هەبوە وەردەکاری پێدان و وەرگرتنەوەی نوسراوەکانی تێدا تۆمارکراوە و گرنگی زۆری پێدراوە(الجواهري: ١٩٩٢، ٣٠-٣١).

جیاواز لە گەنجینەی نوسراوەکانی ناو کۆشـــکی پاشـــایەتی و پەرســـتگەکان، لە شـــاری نەینەوا گەنجینەیەکیتر لەنزیك گۆڕســـتانێك دۆزراوەتەوە نوسراوەکان لەناو گۆزەیەکی گەورەدا هەڵگیراون ژمارەیان (٣٠) پارچەی لەسـەر قوڕنوسراون، پێدەچێت ئەمە لە ماڵی یەکێك لە کەسایەتیەکاندا هەڵگیرابێت، مێژوی نوسراوەکان دەگەڕێتەوە بۆ سـاڵانی ٦٦٩-٦١٢ پ.ز(Pedrson: 1946, 165).

## ئەنجام

١- دەســـتە شـــوێنەوارییە ناوخۆیی و بیانیەکان بەردەوامبون لە هەوڵدان بۆ دۆزینەوەی شـــوێنەوارە گرنگەکانی وڵاتی دوڕوبار، هەڵکۆڵینی شـوێنەواریی زۆرجار هەوڵدانی زۆری پێویسـت بوە، لەشـوێنی سـەخت و پڕمەترسی بۆماوەی چەنـد وەرزێـك بەردەوامی هەبوە، هەوڵی زۆریـان داوە بۆ دۆزینەوەی نوسراوە کۆنەکـان، هەنـدێـك لە تیمە شـوێنەوارییەکان توانیویانە نوسراوی زۆر لەیەك شـوێنەواردا بدۆزنەوە، دەرکەوتوە ئەم جۆرە شـوێنانە تایبەت بون بە هەڵگرتنی نوسراوەکان.

٢- دانیشـــتوانی دوڕوبار هۆشـــیاری باشـــیان هەبوە ســـەبارەت بە کۆکردنەوە و پاراســـتنی نوسراوەکان، لەم کارەیاندا مەبەســـتیان بوە زۆرترین نوسراو لە شـــوێنە جیاوازەکان و بوارە جۆراوجۆرەکان کۆبکەنەوە و لەشـــوێنێکی تایبەتدا بەشـێوازی تایبەتی خۆیان بیپارێزن، بۆئەوەی لەســـەردەمی خۆیاندا و لە ســـەردەمەکانی دواتردا ســـود لە نوسراوەکان وەربگیرێت.

٣- گەنجینەی نوسراوەکان لە دوڕوبار گرنگی باشـــیان پێدراوە، ژورێك یان چەند ژورێك لەناو پەرســـتگە بەتایبەت پەرستگەی سـەرەکی پایتەخت یان شـارە گەورەکان، یان لەناو کۆشـکی پاشـایەتیدا بۆ تەرخانکراوە، ئەو ژورانەی بۆ ئەم مەبەسـتە تەرخانکراون ناوەوەیان ڕوپۆشـکراوە بەمادەی پارێزەر و گونجاو و سـەکۆ و ڕەفەی تایبەتیان لەناودا دروستکراوە، بەگشتی مادەی گونجاویان بەکارهێناوە بۆ ئامادەکردنی نوسراوەکان و شوێنی هەڵگرتنیان.

٤- هەندێك لەنوسراوەکان لەناو گەنجینەکانیان خراونەتە ناو گۆزە یان سـندوقی تایبەت و ناو ناونیشـانی نوسراوەکان و نوســـەرەکانیان لەســـەر گۆزەکە یان ســـندوقەکە نوسراوە، لەگەڵ ئەم هەمو گرنگیپێدانە هەندێك لەنوسراوەکان شێواویان پێوەدیارە، بەڵام بەشێکی زۆری نوسراوەکان بە پارێزراوی ماونەتەوە و بونەتە سەرچاوەی وەرگرتنی زانیاری مێژویی، ئەو مەبەســـتە ســـەرەکیە بەدیهاتوە کە دانیشـــتوانی دوڕوبار هەیانبوە لەپێناو پاراســـتن و ســـودوەرگرتن لەنوسراوەکان بۆماوەیەکی زۆر.

٥- گەنجینەی نوسراوەکان لەلایەن هێز و دەسەڵاتە ناوخۆیی و دەرەکیەکان ڕێزیان لێگیراوە و گرنگیان پێدراوە، زۆربەی گەنجینەکان شوێنەوار و نوسراوی چەندین سەردەمی جیاوازیان تێدا پارێزراوە و ئاماژەی چەندجار نۆژەنکردنەوەیان پێوەدیارە، بۆنمونە هەندێك لە گەنجینەی ســـومەرییەکان تاکو ســـەرەتاکانی ســـەردەمی زایینی ماونەتەوە، ئەمە ئەوە دەردەخات دەسەڵاتە جۆراوجۆرەکان زۆربەی کات گەنجینەی نوسراوەکانیان پاراستوە و سودیان لێیان وەرگرتوە.

## لیستی سەرچاوەكان:

الأحمد، سامي سعيد: (٢٠١٣)، المعتقدات الدينية في العراق القديم، المركز الاكاديمي للابحاث، بيروت-لبنان.

الاصيل، ناجي: (١٩٥٠)، اكتشاف خطير فى الرياضيات فى تل حرمل، سومر ، بغداد، مج٦، ج١.

الاعظمي، محمد طه محمد: (١٩٩٩)، عمارة مبانى المكتبات فى العراق القديم، منشوراة المجمع العلمى، بغداد.

باقر، طه: (١٩٥٩)، تل حرمل (شادوبم القديمة)، مطبعة الرابطة، بغداد.

البحريات، إيشان: (١٩٨٨)، تنقيبات البعثة الالمانية فى إيسن، سومر، بغداد، مج٤٥، ج ١+٢.

البدراوى، عدنان الملكى: (١٩٨٥)، المدينة الاولى، حضارة العراق، ج٣، دار الحرية للطباعة، بغداد.

بشور، وديع: (١٩٨١)، سومر و اكاد، دار العلم للنشر، دمشق.

جادر ، وليد و فاضـل، عبدالاله: (١٩٨٧)، دور العلم و المعرفة فى العراق القديم، مجله المورد، ، دار الشـؤن للثقافة العامة، بغداد مج١٦، ع٣.

الجادر، وليد و عبدالله، زهير رجب: (١٩٨٣)، النتائج الاولية لتنقيبات جامعه بغداد كلية الاداب- قسم الاثار فى موقع سبار(ابو حبة) المواسم (١٩٧٨-١٩٨٣ز) مجله سومر، بغداد مج٣٩، ج١+٢.

الجادر، وليد واخرون: (١٩٩٣)، نتائج تنقيبات مدينة سـبار (أبو حبة) للمواسـم ١٩٩٠-١٩٩٣ تقرير الاولى، مجلة كلية الاداب، جامعة بغداد، بغداد، ع(٥٤).

الجبورى، خليل خلف: (٢٠٢٤)، تنقيبات فى مدينة آشـور فى الشرـقاط وتأثيرها أحداث داعش عليها أمنيا، مجلة الباحث، العدد الخاص بوقائع المؤتمر العلمى الدولى الثالث، جامعة الموصل، الموصل.

الجواهرى، خيال محمد مهدى: (١٩٩٢)، من تاريخ المكتبات فى البلدان العربية، منشوراة وزارة الثقافة، دمشق.

الراوى، فاروق: (١٩٧٩)، حول البعض النصوص البابلية من سبار، سومر، بغداد، ج١+٢، مج٣٥.

رشيد، عبدالوهاب حميد: (٢٠٠٤)، حضارة وادى الرافدين ميزوبوتاميا، دار المدى للثقافة والنشر، دمشق.

سعيد، وفاء احمد: (٢٠٠٩)، المكتبات فى بغداد بين الماضي والحاضر،مجلة التراث العلمى العربى، جامعة بغداد، ع٨.

سفر، فؤاد: (١٩٦٠)، آشور، مطبعه الحكومة، بغداد.

سلمان ، حسين احمد: (١٩٨٨)، نظرة عامة فى مخازن العراق القديم، سومر، بغداد، مج٤٥، ج ١+٢.

العبادي، علي حسن خضير: (٢٠١٦)، نصوص اقتصادية غير منشورة من تل ابو حبة (سبار-ياخروم) نهاية العصر البابلي القديم، رسالة ماجستير غير منشورة، جامعة بغداد، بغداد.

عباس، قصي صبحى و سليمان: (٢٠١٩)، احمد عزيز ، جوانب من المجتمع العراقى القديم فى ضوء مشاهد الالواح الفخارية من مدينة كيش، مجلة دراسات في التاريخ والاثار، ع٦٩، بغداد.

عبدالله، حورية: (٢٠١٤)، الحياه الثقافية والفكرية فى بلاد الرافدين دراسة تحليلية الاسطورة والملحمة نموذجا، اطروحه دكتورا غير منشورة، جامعة الجزائر-٢، الجزائر.

العزاوى، ذكرى عادل محمود: (٢٠١٣)، الامكانات السياحية فى محافظة ديالى وسبيل تنميتها، رسالة ماجستير غير منشورة، كليه التربية للعلوم الانسانية، جامعة ديالى، ديالى.

المزوري ، عماد عبدالقادر محمد سعيد: (٢٠٠٢)، الكاشيون ١٥٩٥-_١١٦٢ ق.م دراسة سياسية حضارية، رسالة ماجستير غير منشورة، مقدمة الى مجلس كلية الاداب، جامعة صلاح الدين، اربيل.

علي، فاضل عبدالواحد: (١٩٩٩)، الطوفان في المراجع المسمارية، مطبعة جامعة بغداد، بغداد.

عواد ،كوركيس: (١٩٤٨)، خزائن الكتب القديمة فى العراق، مطبعة المعارف، بغداد.

عواد، كوركيس: (١٩٤٩)، اثار العراق فى نظر الكتاب العرب والاقدمين، مجلة سومر، مديرية اثار القديمة العامة، بغداد، ع٥، ج١.

قزانجى، فؤاد يوسف: (١٩٧٨)، مكتبة اشوربانيبال، المجلة العربية للمعلومات، دار المنظومة، تونس، مج١، ع٢.

ليفرانى، ماريۆ: (٢٠١٢)، اوروك أولى المدن على وجه البســيطة، ت: عزالدين عناية، هيئة ابو ظبى للســياحه والثقافة، دار الكلمة، ابوظبي.

مكاي، دروثى: (١٩٥٢)، مدن العراق القديم، ت: يوسف يعقوب مسكونى، ط٢، مطبعة شفيق، بغداد.

ناجى، عادل: (١٩٦١)، تنقيبات الموسم السابع فى تل حرمل، سومر، بغداد، مج١٧، ج. ١+٢.

. Al Adhami, A: (1999), New Hamurabis Text from Sippar, Sumer, Bagdad, Vol. 50, No. 1+2.

Al Jadir, Walid Mahmoud: (1985), Speech of the Expedition Working at Sippar, Sumer, Bagdad, Vol. XLI, No. 1-2.

Alizadah, Abas: (2020), Nippur Epedition the Orental Institute Annual Report 2018-2019, London.

Baqir, Taha: (1950), An Important Mathmatical Bromlem Text From Tell Harmal, Sumer, Bagdad, Vol. 6, No. 1.

Bordman: (1991), John and Others, The Assyraian and Babylonian Empires and other States of the Near East from the 8th Centuries B.C, The Cambridg Ancient History, 2nd Eidition, Vol. 3, Pt. 2, Cambridg.

Buccellati, Geogrgio and Biggs, Robert D:(1968), The eightieth and ninth Season (1962l 1963), (1964-1965), The University of Chicago Press, Chicago.

Chiera, Edward: (1938),They Wrote on Clay the Babylonian Tablets Speak Today, the University of Chicago Press, Chicago.

Clayden, Tim: (2016), The Archology of Nippur Archive, Al Rafidan, Kukushkan, University Tokyo, Vol. XXXVII.

Fadhil, Anmar Abdulillah and Jimenez, Enrique: (2019), Literary Texts from the Sippar library: Two Babylonian Clasics, Zeitschrift fur Assyriology, 109, Walther Salaberger, Munchen.

Field, Henry: (1929), The Field Museum-Oxford University Expedition to Kish, Mesopotamia 1923-1924, Field Museum Natural History, Chicago. Norman Yoffee, Towards A Biography of Kish, (Eisenbrauns: 2013), PP. 249-250.

Hilprecht, H. V.: (1906), The Babylonia Expolition of the University of Pennsylvania, Series A, Cuniform Texts, Department of Archology, University of Pennsylvania, Pennsylvania, Vol. xx, Part 1.

Jastrow, Morris: (1915), The Civilization of Babylonia and Assyria, Institute of Science Philadelphia, Philadelphia.

Layard, A. H: (1853), Discoveries in the Ruins of Nineveh and Babylon, New York.

Maekawa, Kazuya: (1974), Texts from Lagash During Early Dynastic III, Mesopotamia, VIII-IX, Firenze.

Menant, M. Joachim: (1880), La Bibiliothequed du Palais de Ninive, Paris.

Meyer, L. D. and Gasche, H: (1998), Mesopotamia History and Environment, Series II, Memories V, University of Ghent And The Oriental Institute Of The University Of Chicago, Chicago.

Olmestead, A. T:(1950), History of the Persian Empire, University of Chicago Press, Chicago.

Oppenheim, L: (1995) The Assyrian Dictionary of the Orintal Institute of the -University of Chicago, CAD, Vol. 5 G.

Pedrson, Old: (1946), Archive and Libraries in the Ancient Near East 1500-300 B.C, CDL Press, Bethesda Maryland.

Petters, John Punnett: (1897), Nippur or Exploration and Adventures on the Euphrates, G. P. Putnams Sons, New York.

Ruwayshdi, Said: (1974), A Comparison Between the Palace at Kish and Later Palaces, Sumer, Bagdad, Vol. XXX, No. 1+2.

Suter, Claudia E: (2012), Gudea of Iconolclasm or Toth of Time, The Oriental Institute of the University of Chicago, No.8, Chicago.

Yoffee, Norman: (1975), Towards a Biography of Kish, p. 533; Harvey Weiss, Kish Akkad and Agade, Journal of American Oriental Society, No. 95, Chicago.

Zettier, Rechard L: (1992), Excavations at Nippur, Pennsylvania and the University Museum, Nippur at the Centennial, Samuel Noah Kramer Fund. 14, Philadelphia.

Chiera, Edward: (1938), The Wrote on Clay the Babylonian Tablets Speak Today, The University of Chicago press, Chicago.

Kramer, Smuel Noah: (1963), The Sumarians Their History, Culture and Characters, The University of Chicago press, Chicago.

Giosotti, Giuseppa: (2016), Uruk la Prima Citta Della Storia, Cologia Urbana, Anno 28, Roma-Italia.

Ess, Margaret Van: (2019), Uruk-Warka Arcological Research 2016-2018 Preliminary Report, Sumer, Bagdad, Vol. LXV.

Clayden, T: (1992), Kish in the Kassite Period (1650-1150 B.C), British Institute for the Study of Iraq, Iraq, Vol. 54, London.

https://art.mu.edu.iq/?page_id=290 19-02-2025.